الاتحاد العام اللاجئين العراقيين

INTERNATIONAL FEDERATION OF IRAQI REFUGEES-IFIR


# حکومەتی بەریتانیا چەند پەنابەری کورد دیپۆرت دەکاتەوە

# بەرامبەر بەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە دەنگ هەڵبرن!

بەپێ ئەو هەواڵانەی فیدراسیۆن لە گرتووخانەی دەست بەسەری کۆڵن برۆك لەلایەن پەنابەرانەوە پێگەیشتوە ،دوێنێ کاتژمێر 5 ئێوارە ژمارەیەك پەنابەری کوردی عیراقی کە تا دواساتەکان لەپەیوەندی تەلەفونی بوون لەگەڵمان ، لە لەندەنەوە بەرێگای عەمان بەرو فرۆکەخانەی نیو دەوڵەتی هەولێر دیپۆرت کرانەوە.

ماوەیەکە حکومەتی بەریتانیا دەستیان کردۆتەوە بە دەستگیرکردنی پەنابەرانی کورد لەسەر کار وە یان هێرشی شەوانەدا و راپێچی گرتووخانە دەست بەسەرەکان دەکرێن تا ئێستا ژمارەیەك لە پەنابەرانی کورد لە گرتووخانەکانی (کامسفیلد هاوس ،کۆڵن برۆك ،دۆڤەر..) راگیراوە و بریارە پێچەوانە بەخواستی خۆیان لەمانگی 9 وە 10 دا بەشێوازێکی تر و رێگایەکی تر دیپۆرتی کوردستانیان بکەنەوە ، ژمارەیەك لەو پەنابەرانە تیکتیان پێدراوە کە لەریگای عمان بەرو کوردستان دیپۆرتبکرێنەوە ،ئەگەر چی فیدراسیۆن بۆ ژمارەیەك لەو پەنابەرانە لەگرتوخانەی کامسفیلد هاوس پاریزەری بۆ گرتوون تا لە مەترسی گەرانەوە رزگاریان بێت.

ئەم هەنگاوەی حکومەتە تازەکەی گۆڵدن براون لەکاتێکدا بەرێ وەدەچێ کە هیزەکانی لەبەسرە لەحاڵەتی پاشەکشێن وشکستیان هێناو لە بەرێوەبری سیاسەتێك کە لەچەند ساڵی رابردووا بەگرێ دانەوە بە سیاسەتەکانی ئەمریکا لەژێر ناوی رزگار کردنی عیراقدا گرتیانە بەر،ئێستاش لەگەڵ سەرهەڵدان و قوڵبوون وجەنگ و کوشتاری خەڵکی مەدەنی عیراق و نەمانی هیچ جۆر ئاستێك لە ئەمنیت و سەلامەتی گیانی و ژیانی خەڵك وبڵاوبوونەوەی نەخۆشی کوشندە.. حکومەتی بەریتانیا جارێکی تر سوربوونی خۆی لەگێرانەوەی پەنابەرانی عیراقی رادەگەیەنێت.

بریاری رەوانەکردنەوەی پەنابەران بۆ کوردستان لەژێر ئیدعای ئامن بووندا کە چەند ساڵێکە بەشێك لە حکومەتە ئەورووپیەکان پەیرەوی لێ دەکەن، جگە لەوەی ئیدعایەکی پوچ و بێ بناغەیە ، هەر ئێستا تۆب بارانی کردنی ناوچەکانی کوردستان لەلایەن جمهوری ئیسلامی ئیران و هەرەشەی تورکیا و دەخالەتیان لەکوردستان، تاوانە تیرۆریستیەکانیان بەلاو موسیبەتی گەورەی کردۆتە نسیبی خەڵکی کوردستان ، هەروەها راگرتنی ژیانی 4ملیون ئینسانی لە چاوەروانی هەڵواسراوی یەك واقعیتی حاشا هەڵنەگرە و تەواوی ئەو ئیدعایانە لەسەر کوردستان و ئەمنیتی خەڵکی کوردستان دەکرێت بەدرۆ دەخاتەوە.

پەنابەرانی کورد لەدەرەوە پەنابەری سیاسین و بەر ئەنجامی هەلومەرجی نالەبارو نا ئینسانی کە خودی ئەمریکاو بەریتانیا بەشێکن لە خولقاندنی ناچارکراون ژیانی پەنابەری هەڵبژێرن لەسەریانە ئاکامەکانی قبولێ بکەن،هاوکات بەو پەری تواناوە پێویستە بەر بە ناردنەوەی بەزۆری پەنابەران بگیرێت.

پەنابەران، ئازادی خوازان لەسەرتاسەری وولاتە ئەورووپی یەکان!

هەڵومەرجێکی ترسناك بەرۆکی بە پەنابەران گرتووە پێویستە بە تەواوی تواناوە رووبەرووی ئەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە بینەوە کە پێچەوانەیە بە هەموو یاساکانی نیو دەوڵەتی لەبارەی ماف پەنابەرانەوە حکومەتی بەریتانیاو بەشێکی تر لە وولاتە ئەورووپیەکان لە بەرامبەر پەنابەران دەیگرنە بەر، وەرن لەگەڵ فیدراسیۆن ئەم هەرەشانە لەسەر ژیانی پەنابەران کەم کەنەوە ،وەرن بەریزی یەکگرتومان ئاکامو مەترسی کانی دیپۆرتکردنەوە بەرپێ بگرین بەریزەکانی فیدراسیۆنەوە پەیوەست بن .

هاوکات داوا لەتەواوی رێکخراوە پەنابەری و ئینسانی ولایەن و کەسایتی ئازاد خواز دەکەین دژ بەم سیاسەتە دژی ئینسانی یە رابوەستن نامەی نارەزایەتی ئاراستەی حکومەتی بەریتانیا بکەن ،داوای ئازاد کردنی پەنابەرە گیراوەکان و بەرەسمێت ناسینی ماف پەنابەری و ماف نیشتەجێ بوون بکەن بۆ پەنابەران وەدەنگتان بخەنە پاڵ دەنگمان.

**سکرتارێتی فیدراسیۆنی سەراسەری پەنابەرانی عیراقی**

**2007-9-6**


POBOX1575,ILFORD IG1 3BZ ,LONDON,UK Tel:0044 7856032991 ,
00447895636633,0041787557786,004799387599,
ifir2007@yahoo.com d.jamal@ntlworld.com
www.csdiraq.com